

# هیوایەک بەر لەمردن

**ئومێد کەمال**
**(پیرەمەگروون)**

شانۆ/ ژوورێکی کۆنی ماڵە کوردێکە، چەند وێنەیەکی کۆنی ژن و منداڵ بە دیوارەکانەوە هەڵواسراون، وێنەکان وێنەی (شیرین، نێرگز، هەڵۆ، پەیمان، شیلان)ن، قەرەوێڵەیەکی کۆن و مێزێکی تەختەی شڕ لەگەڵ کۆنە بۆفیەیەک لەسەر شانۆ هەن، ئاوێنەیەکی شکاو دانراوە، دۆڵابێکی شڕ لە لایەکی شانۆ ئەبینرێت، ڕێبوار پیاوێکی تەمەن شەست ساڵە ڕیشێکی چڵکنی ئاڵۆسکاو، قژێکی دێزی سپی هەیە، جلەکانی تەواو شڕن، دێتە سەر شانۆ و مێزەکە ڕێک دەخات و دواتر سەیریکی ژوورەکە دەکات، ئینجا ئەچێتە دەرەوە پێنج کورسی ئەهێنێت و لە ژوورەکەدا دایانئەنێت، ژوورەکە ڕێک ئەخات پاشان ئەچێتە بەردەم ئاوێنەکەو دەست بەڕیشیدا ئەهێنێت و لەخۆی ڕائەمێنێت.

دەنگی شیرین: ڕێبوار نەچیتە دەرەوە هەتا ڕیشت نەتراشی، لەبەر چاوی دۆست و دوژمن هەمیشە دڵخۆش بە، با دۆستەکانت بەدڵخۆشیت دڵخۆش بن و دوژمنەکانیش غەمبار بن.

ڕێبوار: بیست و نۆ ساڵ، بیست و نۆ ساڵ چاوەڕوانی، بیست و نۆ ساڵە چاوەڕوانم ئەو دەرگایە بکرێتەوەو بۆنی هەناسەی منداڵەکانم بکەم و بەرامەی مێخەکی شیرین مەستم بکات، بیست و نۆ ساڵە ئێوە ڕۆیشتوون، چ ڕۆیشتنێک، بۆ ئەبەد منتان تەنیا کرد، لە دوای تەنیایی خوداوە یەکەمین تەنیایی بەمرۆڤ بەخشرابێت منم (هەناسەیەک هەڵئەکێشێت) خودایە هەموو ڕۆژێک مردن چەند ئەستمە! تەنیا یەک جار بەسە، سەبری ئەیووب بە من ناگیرێت ئیتر، (ئەچێتە بەردەم وێنەکەی شیرین) شیرین! ئەمناسیتەوە؟ ئەمڕۆ دێنەوە وایە؟ ئاگات لە منداڵەکان بێت، بەتایبەت هەڵۆ (وچانێک) چییە؟ پێت ناخۆشە؟ دیسان ئەڵێیت ئێوە بۆ جیاوازی لەنێوان کچ و کوڕ ئەکەن؟ نا گیانە من کەی وام؟ بەڵام خۆت ئەزانی هەڵۆ کەمێک چەقاوەسووە، ڕێک وەک مامە هەڵۆی ئەها ئەویش هەتا خۆی بە

شەهید بوون نەدا نەیتوانی دابنیشێت؟ شیرین بیرتە کە نێرگز لەدایک بوو، حەوت شەو شەوارەمان بۆ گرت؟ ئەی ئەو ڕۆژەت بیرە کە هاتمەوە وتت ڕێبوار پیربوویت، منیش تێ نەئەگەیشتم، خێرا چوومە بەردەم ئاوێنەکەو (ئەچێتە بەردەم ئاوێنەکە) ئا ئاوا سەیری خۆمم کرد، سەیری پرچم کرد بزانم هیچ تاڵی سپی تێدایە، تۆش هاتیتە بەردەمم و وتت ئای ڕێبوار بۆ تێناگەیت، منیش بەرانبەرت وەستام و وتم ئاخر شیرین من هەمیشە گەنجم، بەتایبەت تا لەگەڵ تۆبم، تۆش وتت..

دەنگی شیرین: ڕێبوار تۆ ئەبیت بە باوک..

ڕێبوار: (بەسەرسامی و بە دڵخۆشی)یەوە چی؟ وتت.

دەنگی شیرین: ئەبیت بە باوک منالّمان ئەبێت.

ڕێبوار: منیش وتم من.. ئەبم بە باوک.... شیرین یانی خۆشەویستییەکەمان بەرهەمی هەیە، منالّمان ئەبێت؟ ئای چ هەواڵێکی خۆشە ئەو کاتەی بۆ یەکەمین جار موژدەی بەباوک بوونت پێ ئەدرێت... (دەچێتە بەردەم وێنەکەی نێرگز) نێرگز ئەو موژدەخۆشە موژدەی هاتنی تۆ بوو، کچە جوانکیلە بەپرسیارەکەم، منالێکی خنجیلانە بووی شیرین ئەیهێنایتە بەردەمم و ئەیوت ڕێبوار ئەمە بەکاممان ئەچێت، منیش ئەموت بە دایکە ناشیرینەکەی ئەچێت، ئەویش ئەیوت نا گیانە بە خۆت ئەچێت، ئەیوت ڕێبوار ئەها سەیری چاوی نێرگز بکە ڕێک بەچاوەکانی من ئەچێت، منیش ئەموت ڕاست ئەکەیت، ئەم چاوانەی نێرگز وەک هی تۆ وایە، ئەها من ناتوانم سەیری بکەم... (وچانێک) چ ڕۆژانێکی خۆش بوو، زۆر کات بیر دەکەمەوە ئەڵێم ڕەنگە خەون بووبێت، ئەی ئەوە نییە تەنیا من خۆم ئێوەم بیر ماوە، کە باستان ئەکەم کەسانێکی زۆر لەبیری نییە. منالەکانم! ژنەکەم، باشە ئەی ئەگەر ئەوان هەر لە بنەڕەتەوە نەبوون بۆ هەست دەکەم لە ڕابوردووی مندا ژنێک بەناوی شیرین و سێ کچ بەناوی نێرگز و پەیمان و شیلان و کوڕێک بەناوی هەڵۆوە هەبووە، پەیمان و شیلان دوانە بوون، بەڵێ ئا ئا زۆر بەیەک ئەچوون بە جۆرێک هەموو جارێک من و شیرین لێمان ئەگۆڕان، بۆیە قژی شیلانم کورت کردبووەوە... (بیر ئەکاتەوە) باشە تۆ بڵێی ئەمانە تەنیا لە خەونی مندا هەبووبن؟ ئەی بۆ من ئاوا پیر بووم.... (ئەچێتەوە بەردەم ئاوێنەکە) من کێم؟.. (بیر ئەکاتەوە) من..................کێم.....

(سەیری جلەکانی ئەکات و لەخۆی ڕائەمێنێت) من... (بیر ئەکاتەوە) ئا ئەبێت خۆم بگۆڕم ئەبێت خۆم ئامادە بکەم ئێستا منالەکان دێنەوە... (ڕائەکات بۆ لای کۆنە بۆفیەکە و لەو کاتەی بۆ جلەکان ئەگەڕێت نامەیەک ئەکەوێتە بەر دەستی، نامەکە ئەکاتەوەو دێتە سەر کورسییەک دائەنیشێت) ئای ئەم نامەیە، کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ ئەو کات لە زانکۆی بەغدا یەکەم ساڵی مامۆستایەتیم بوو، وازم هێنا بوو چوبوومە شاخ، شیرین ئەم نامەیەی بۆ ناردم، خۆزگە ئەوکات بگەڕابامایەوە بۆ لایان (نامەکە بەدەنگی شیرین ئەخوێنرێتەوە).

دەنگی شیرین: سڵاو ڕێبوار، هیوادارم باش بیت، منالّەکان باشن، شیلان کەمێک هەڵامەتی گرتبوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا دایکت شێلای چاک بووەوە، پەیمان و نێرگز سڵاویان هەیە بۆت، لە تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ پەیمان یەکەم بووە و شیلان و نێرگزیش دووەم بوون، هەڵۆش فێری بابە بابە بووە، ڕێبوار هەتا دێت ڕەوشەکە خراپ ئەبێت، ئەڵێن هەڕەشەی کۆمەڵبگیری لە کورد کراوەو لە زۆر ناوچەی کوردستان خەڵکێکی زۆریان بێ سەرو شوێن کردووە، هەڕەشەش لەسەر ناوچەکەی ئێمە زۆرە، دوژمن لە هەموو لایەکەوە کەوتووەتە ڕەشبگیری و گەنجەکان ئەگرن و ئەیانکوژن و ئەیانبەن، کچەکانیش لە کەسوکاریان جیا ئەکەنەوە، ڕێبوار تا زووە وەرەوە کارێک بکە، ئەگەر مۆڵەتت ئەدەنێ مۆڵەت وەربگرەو وەرەوە بۆ لامان، ئەم ڕۆژانەی دوایی دایکیشت نەخۆشییەکەی پەرەی سەندووە، هیوادارم بتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ لامان، هەموومان بیرت ئەکەین، تکایە کە ئەتوانیت وەرە ئێمەش ببە، منیش لەگەڵ تۆ چەک هەڵئەگرم، تۆ بەوپەڕی بیروباوەڕەوە وازت لە مامۆستایەتی خۆت هێناو چوویتە شاخ، منیش دێم، لە پێناو منالەکاندا هەموو کارێکی قورس ئەکەم، ڕێبوار هیوادارم زوو بێیت، چاوەڕێتین... (ڕێبوار نامەکە قەد ئەکاتەوەو بۆنی ئەکات و ئەینێت بەسنگییەوە).

ڕێبوار: ئاخ! ئەم چاوڕوانییەی ئێوە سی و نۆ ساڵ چاوەڕوانی بە من بەخشی، فریاتان نەکەوتم، نەمتوانی بێمەوە..لە نێوانی نیشتمان و ئێوەدا نیشتمانم هەڵبژارد، بیرمە ئەو شەوەی ویستم بێمەوە بۆ لاتان کەوتینە شەڕێکی سەختەوە، یەکێک لە هاوڕێکانم

بریندار بوو، نەمتوانی جێی بێڵم و بە کۆڵ بردمەوە بۆ لای هاوڕێکانی ترم... (ئەچێتەوە بۆ لای بۆفیەکەو نامەکە ئەخاتەوە ناو بۆفیەکە، ئینجا جلێک دەرئەکات و لەبەری ئەکات و ئەچێتەوە بەردەم ئاوێنەکە، سەیری خۆی ئەکات) هەست ئەکەم هێشتا بۆنی شیرین لە جلەکانم دێت، ئەمە دیاری ئەو بوو بۆی کڕیم، ئەو کات تازە هەڵۆمان بووبوو، (پێ ئەکەنێت) بیرمە دایکم یەک جوانەگای قەڵەوی کردە خێر، (پێ ئەکەنێت) ئەمە چییە ئۆخەی ڕێبوار کوڕی بووە، شیرین پێی ناخۆشبوو، بەڵام من هەر پێ ئەکەنیم (کەمێک ڕائەمێنێت) دایکم، دایک، ئەم ناوە لەچییەوە هاتووە، ئەی بۆ وا خۆشەویستە؟ تۆ بڵێی دایک فریشتە نەبێت؟ بۆ نا.... (پێ ئەکەنێت) هەندێک کات خۆشم باوەڕ ئەکەم کە شێت بووبم، ئاخر لەم سەردەمەدا کوا مرۆڤە ئاقڵەکان باسی ئەم شتانە ئەکەن.. ئا ئا ئا چۆن بیرم چوو ئەمڕۆ جەژنی لەدایکبوونی شیلان و پەیمانە..

(ئەچێتە بەردەم وێنەکانیان) خۆشی و شادی گەڕانەوەتان ئەمڕۆ ئەوەی بیر بردمەوە، دەی کێشە نییە سبەی ئاهەنگێکی خۆشتان بۆ دەگێڕم، ئەچینە دەرەوە، ئەچینە دەم ئاوەکەی زەڵم..لەوێ ئەیکەین بە ئاهەنگ، منیش وەک پیاوە خانەدانەکان و خێزاندارەکان بەیەکەوە لەگەڵ منالەکانم لە دەرەوە نان ئەخۆین..بۆ نا، (بۆ وێنەکەی شیلان) شیلان! دایکت کەمێک دڵی پیسە سەیری ئەم لاو ئەولا نەکەیت، ئەو دڵی لە منیش پیس بوو، تۆش پەیمان تۆ هەر ئەو کاتەی منالّ بوویت ئەچوویت سووراو و میکیاجەکانی دایکت بەکار ئەهێنا (پێ ئەکەنێت) چیم بیر هاتەوە، ڕۆژێک خەوتبووم هەر لەخەو هەستام و بێ ئەوەی سەیری ئاوێنە بکەم ڕۆشتمە دەرەوە، لەبەر دەرگا شیرین بینیمی هاواری کرد ئەوە چییە ڕێبوار خۆت دیوە؟ منیش وتم چییە چیمە؟ وتی بڕۆ سەیری دەم و چاوت بکە، خێرا ڕام کردەوە بەردەم ئاوێنەکە و سەیر ئەکەم پەیمان خان سووراو و سپیاوێکی جوانی بۆ کردووم، سەرەتا شیرین لێپرسینەوەی لەگەڵ نێرگز و شیلان کرد، بەڵام پەیمان دیار نەبوو، دواتر بەبەڵگەوە تۆمان گرت (ئەوەستێت) چی؟ بەڵگە.. بەڵگە، ئەمە چیم بیردێنیتەوە. ئا ئا بیرم هاتەوە. کە دیکتاتۆر دادگایی ئەکرا هەمیشە ئەیانوت بەڵگەکان، ئاخر نازانم ئەو هەموو بەڵگەیە هەبوون بۆچی ئەوەندە درێژەی ئەکێشا، بۆ ئەنفال، ئەنفال، نانا ئێوە دێنەوە ئەمڕۆ ئێوە دێنەوە ، ئەوە نییە ژوورەکەم ڕازاندووەتەوە، شیرین ئەزانی بیست ساڵیشە کەس نەهاتووەتە ئەم ژوورە، کەس نایەت بۆ لام، شیرین پێم ئەڵێن ڕێبوار شێت بووە شێت.. (ئەداتە قوڵپی گریان) شێت، بۆ من شێتم، ئاخر ئێوە نەبوون؟ ئێوە هی من نەبوون؟ هاوخوێن و هاوژیانم نەبوون؟ بۆ ئەگەر باسی ئێوە بکەم و چاوەڕێتان بم شێتم، شیرین تۆش وات پێ ئەوتم، بەڵام ئەوەی تۆ لە خۆشەویستیدا بوو، پێت ئەوتم شێتە، بەڵام هی ئێستا بۆ گاڵتەجاڕییە.. (بیر ئەکاتەوەو دائەنیشێت) من کێم؟ (سەیری خۆی ئەکات) تۆ بڵێی بێنەوە؟ ئەمشەو خەونم پێوە بینین.. ئا ئا دێنەوە. من بۆ دانیشتووم.؟ ئەبێت خۆم حازربکەم، ئەی ڕیشم نەتراشم؟ نا. ئەی شیرین تووڕە نابێت ئاوا ببینێت؟ نا بابزانێت کە من لەدوای ئەوان چیم بەسەر هاتووە چۆن خەمم خواردووە؟ جا ئەمە بەڵگەی بۆ چییە، بیست و نۆ ساڵ چاوەڕوانی بەس نییە بۆ ئەوەی شیرین و منالەکان باوەڕ بکەن کە خەمم بۆ خواردوون، ئێستا نێرگز تەمەنی سی و چوار ساڵە، پەیمان و شیلانیش سی و سێ ساڵ و هەڵۆش تەمەنی سی ساڵە (ئەچێتە بەردەم وێنەکەی هەڵۆ) هەڵۆ تۆش ئێستا پیاوێکی تەواویت، ئەگەر لای من بوویتایە دە ساڵ لەمەوبەر ژنم بۆ دێنایت، من بە بیست ساڵی، دایکم وتی ژن بێنە، وتم کێیە وتی برازاکەم، منیش وتم نەخێر شیرین، وتی ئەیەڕۆ شیرین دراوسێمانە چۆن ئەبێت، وتم دایە گیان خۆشەویستی سنووری نییە، ماوەی یەک هەفتە مشتومڕ و گفتوگۆ بوو تا دواتر شیرینیان بۆ هێنام، (بیر ئەکاتەوە) هەموو جارێ پێم ئەڵێن بیریان ناکەیت؟ ئاخر بۆ من لەبیرم کردوون تا بیرتان بکەم؟ هەموو ساڵێک لە یادەکەدا کۆمەڵێک مایک و کامێرا دێتە بەردەمان، برینەکەم قووڵتر ئەکەنەوە، دواتریش ئەڵێن ئەها ئەوە پیاوە شێتەکەیە، شیرین! ئەزانیت من ئامادە نەبووم شەهیدانەی ئێوە وەربگرم؟ چونکە ئەمزانی ئێوە دێنەوە (ئەوەستێت) ئەها دەرگایە ئەوە هاتنەوە.. با بێنە ژوورەوە (بە سەرسامی سەیری دەرگای ژوورەکە ئەکات) ئەی یاخوا بەخێر بێنەوە، شیرین گیان، هاتییەوە؟ چییە بۆ وا سەیرم ئەکەیت؟ دەتۆ دانیشە هەموو شتێکت بۆ باس ئەکەم، ئا ئا باسی ئەم ڕیشدرێژییەی خۆشمت بۆ ئەکەم.

(کورسییەکە دائەنێت) دەی دانیشە شیرینەکەم، یاخوا بەخێر بێیتەوە، (سەر بەرز ئەکاتەوە) نێرگز گیان ئەوە تۆیت؟ ماشەڵڵا چەند گەورە بوویت، (وەک ئەوەی لە کچێکی باڵا بەرز ڕابمێنێت) ڕێک ئەڵێی دایکتی، دانیشە جەرگەکەم دانیشە (کورسییەکە بۆ ئەویش ڕێک ئەخات و ئەم جارە سەر بەرز ئەکاتەوە) پەیمان! شیلان! ئەها دیسان لە یەکتان جیا ناکەمەوە، دەی دانیشن بە قوربان، با خەڵک بزانێت من شێت نەبووم، با بزانن کە چاوەڕوانییەکەم بەرهەمی هەبوو ، قوربانتان بم دانیشن، (کورسییەکانی ئەوانیش ڕێک ئەخات) هەڵۆ گیان تۆش هاتییەوە؟ دانیشە ڕۆڵەکەم دانیشە...ئەها ئەمزانی کە ئێوە دێنەوە. بەخێر بێنەوە. (کورسییەکەی ئەویش ڕێک ئەخات و خۆیشی ئەچێت بەرانبەر کورسییەکان دائەنیشێت و سەیریان ئەکات).

ڕێبوار: شتم زۆرە بۆتانی بگێڕمەوە، بەڵام جارێک با میوەتان بۆ بێنم (ئەچێتە درەوەو (سێو ئەهێنێت و لەناکاو ئەوەستێت) شیرین، ببوورە، نەئەبوو سێو بێنم، بۆنی سێویش بووەتە ئازارێک لە سەر دڵی زۆر کەسمان، شیرین! چییە بۆ وا سەیرم ئەکەیت؟ ئەڵێی بیستووتە؟ دیارە بیستووتە کە لە هەڵەبجە ماڵی باوکت تیا چوون؟ بە قوربان ئەوەش تاوانێکی تری گەورەبوو دەرهەق بە ئێمە کرا. ببوورە (سێوەکان ئەباتە دەرەوە و دێتەوە ئەم جارە پێنج دەست جل ئەهێنێت چوار جلی کوردی ئافرەتان و دەستێک جلی کوردی پیاوان).

ڕێبوار: ئەها جلی تازەم بۆ کڕیون؟ ئەوە ئەمساڵ بۆم بە دوورین دان، کە چوومە لای بەرگدرووەکە وتی چییە ڕێبوار ناکا ژنت هێنا بێتەوە، بەڵام پێم وت نانا مناڵەکانم دێنەوە (بیر ئەکاتەوە) شیرین! ئەزانی ئەویش پێی وتم بچۆ سەردانی دکتۆرێکی دەروونی بکە؟ باشە ئەوە نییە ئێوە هاتنەوە.. (یەکێک لە جلەکان لە بەردەم کورسییەکەی شیرین دائەنێت) ها ئەمەیان بۆ تۆ (ئەوەی تر بۆ نێرگز دائەنێت) ئەوەش بۆ تۆ (بۆ پەیمان و شیلانیش دائەنێت) ئەمەش بۆ ئێوە هی هەمووتان یەک ڕەنگە بۆ ئەوەی گلەییم لێ نەکەن (جلەکەی هەڵۆش دائەنێت) هەڵۆ ئەمەش بۆ تۆ. ئەوە سبەی هەموومان بە یەکەوە ئەڕۆین بۆ سەیران، شیرین ئەها بۆ خۆشم ئەو جلانەم لەبەرە کە تۆ بۆت کڕیم.... ئەها بووەستن ئەمەوێت بچمە دەرەوەو خەڵک بانگ بکەم، با بێن ببینن، با بزانن کە من ڕاستم وت، کە وتم مناڵەکانم دێنەوە، با بزانن چاوەڕوانییەکەم بێ سوود نەبوو، با خێزانەکەی من ببینن، زۆرم پێ ناچێت ئێستا دێمەوە (بە ڕاکردن ڕائەکاتە دەرەوە و دواتر دێتەوە).

ڕێبوار (بێ ئەوەی سەیری کورسییەکان بکات): کەس نەهات، باوەڕم پێ ناکەن، هەر نەشیان وێرا بێنە ژوورەوە، ئەڵێن ڕێبوار شێت بووە، دەی هەستن ئێوە وەرنە دەرەوە با بتانبینن (سەیری کورسییەکان ئەکات، وەک ئەوەی شتێک ڕووی دابێت، بەسەرسامی دێت بۆ بەردەمی کورسییەکان و دەست لە یەک بەیەکیان ئەدات).

ڕێبوار: شیرین! نێرگز، هەڵۆ، پەیمان... چیتان لێهات، بۆ کوێ ڕۆیشتن، مناڵەکانم، ئەرێ بۆ وازوو ڕۆیشتن دیسان، شیرین! هەڵۆ، پەیمان، شیلان.... ئەی بۆ جلە تازەو نوێیەکانتان نەکردە بەر.... (شێتگیر ئەبێت و بە ژوورەکەدا هاوار ئەکات و ئەگەڕێت) مەڕۆن، من لەم تەنیاییە بێزار بووم، من ناتوانم هەموو ڕۆژێک سەدان جار بمرم، چاوەڕوانی دایڕزاندووم، ناخی خواردووم، ئاخر بۆ نایەنەوە ئێوە (ئەیداتە قوڵپی گریان) دایکم ئەیوت عەیبە پیاو بگری، ئاخر دایە گیان کێ هەیە بەرگەی ئەم دوورییە بێزارکەرە بگرێت، ئاخر خۆ دڵی من بەرد نییە نەتوێتەوە، (زەنگی دەرگا لێ ئەدرێ) ئەها دیسان دەرگایە، (بەپەلە ئەچێتە دەرەوەو (دوای چەند چرکەیەک توورەکەیەکی خام ئەهێنێت کەمێک خۆڵی تیایە، دێتە ناوەڕاستی پێشەوەی شانۆ توورەکەکە دائەنێ و دەست ئەخاتە ناوی، کەللەسەرێک کە تەنیا ئێسکە دەرئەکات و بە ترس و شڵەژانەوە سەیری ئەکات) دیارییان بۆ هێناوم، ئای خودایە دوای چەند ساڵ چاوەڕوانی ئەم دیارییەم بۆ هاتەوە کەللەسەری ژنەکەم.. (ئەچێت دۆڵابەکە ئەهێنێتە ناوەڕاست و کەللە سەرەکەی لەسەر دائەنێ) شیرین، ئەمەوێ چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە، پیاوێک چەندان ساڵ چاوەڕوانی هاتنەوەی ژن و مناڵەکانی بوو، شیرین ئەم چیرۆکە بەردەوامە.. بەردەوام...، (ڕووناکییەکە کز کز ئەبێت و دواتر ئەکوژێتەوە).

**کۆتایی**